# ئایا ڕەفیق **سابیر** جنێوفرۆشە؟

حەمەسەعید حەسەن

ڕەفیق سابیر لە پێشەکیی دیوانەکەیدا (ل ١٣ و ١٦) دەڵێ: (هەر زوو بە شەوارەی پیاوانی پووت و **ئاریلە** کەوتین ... نامەکانی منیش کۆنترۆڵ دەکران و بەر لە من چاوانی کەسانێکی **ئاریلە** و مۆمیا و دووڕوو دەیانخوێندنەوە.)

ڕەفیق دە ساڵ یان زێتر لە شار لە ناو (حشع)دا کار دەکا، بەڵام کە دەچێتە شاخ ئەوسا هەست دەکا: (لای ـ حیزبی شیوعی عێراق ـ یش مرۆڤ هەر ئامرازێکە بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیا و خێڵ ـ حیزب. ل ١٦) لە چیا تێدەگا: (هاوڕێکانی: پووت، مۆمیاکراو، دووڕوو، سیخوڕ و **ئاریلە**ن،) کەچی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا دە دوازدە ساڵی دیکەیش لە مەنفا چالاکانە درێژە بە کاری حیزبی دەدات!

لەو جنێوانەدا کە ڕەفیق بە هاوڕێیانی خۆیی داون، **ئاریلە** کە بە مانای ژنانی، یان: (پیاوی ژنانیلە ل ١٠٣ ژوانی ڕووناکی) دێ، زێتر جێی سەرنجە. ڕەفیق چارەکە سەدەیەک کۆمۆنیست بووە، کۆمۆنیستەکانیش بە ڕاستی هەڵگری ئالای یەکسانی نێوان ژن و پیاون، کەچی ئەو شاعیر و کۆمۆنیستە وەک خێڵەکییەک لە ناخیدا بژی، وشەی ژن وەک جنێو دەخاتە گەڕ، ئەگەرچی ژن هێندە پیرۆزە ئەوی عاشقی ببێ، تەنانەت ئەگەر وەک مەم بشمرێ، هەر شەهیدە و ئەوی ژنی خۆشنەوێ ناتوانێ کەسی خۆش بوێ. ئەوینی ژن ئایینی شاعیرە، ژن ڕەمزە بۆ عەشقی خوایی و خوا تەنیا لە ئەوینی ژندا بەو پەڕی بالایی خۆی نیشان دەدا.

شاعیر هێندە عاشقی ژنە تەنانەت کە باوەشی پێدا دەکات و ڕایدەمووسێ و توند توند بە خۆیەوە دەگوشێ، دڵی ئاو ناخواتەوە، چونکە دەیەوێ تەنیا لەشی نا، ڕۆحیشی لە ناو ڕۆحیدا بتوێتەوە. شاعیر ژن بە خولقێنراو نازانێ، بە خالقی دەزانێ، چونکە مامانی لەدایکبوونی شیعرێتی. شاعیر خوا لە ژندا دەبینێ، پێی وایە ژن لە ئاسمانەوە هاتووە و تەنیا لە ڕێی ئەوینی ژنەوە دەتوانێ بەرەو لای خوا سەفەر بکا،(١) کەچی ڕەفیق لە ژێر کاریگەرێتیی کولتووری خێڵدا، هێندە سووک سەرنجی ژن دەدا، کە نیازی جنێودانی هەبێ پەنا بۆ **ژنانی** دەبا.

ڕەفیق سابیر بە ناوی (کامەران محەمەد)ەوە بە ناونیشانی (شاعیر و دەسەڵات) نووسینێکی سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس بڵاوکردەوە، گەلێ مشتومڕ هەڵدەگرێ، وەک:

* لەو نووسینەیدا کە بە ناوی خۆیەوە نییە، تاوانی ڕەشەکوژیی محەمەد حەللاق و یازدە هاوڕێیەکەی دەداتە پاڵ جەبار فەرمانی وەزیری جەنگی (ی. ن . ک )(٢) بەڵام بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە، چەندین جار دەنووسێ: (بەڕێز مامجەلال ..)(٣)
* شاعیر و دەسەڵات، چونکە ڕەنگدانەوەی شتی شەخسییە، ڕەفیق تەنانەت باس لە مەسەلەیەکی زۆر تایبەتیی وەک شووکردنەوەی دایکی (شێرکۆ بێکەس)یش دەکا. دایک چونکە ژنە، لای ڕەفیق کە ژنانی بە جنێو دەزانێ، یەکەمین خاڵی لاوازی شێرکۆیە.
* (شێرکۆ شاعیرێکی جنێوفرۆشە.) لای ڕەفیق ئەمە لایەنێکی لاوازی دیکەی شێرکۆیە، ئەگەرچی ئەمە

بۆچوونێکی ڕاسته و شێرکۆ بێکەس بە شیعر و بە پەخشان، سڵ لە جنێودان ناکاتەوە و هەر کەس ڕەخنەی بەجێی لێ گرتبێ، بە: (قەڵەمی سەرسەری و دەمپیسی)(٤) ناو بردووە و تەنانەت کە دێتە سەر بنەماڵەی بارزانی بە ڕاشکاوی ئەندامی نێرینەش دەخاتە ڕستەوە،(٥) بەڵام ڕەفیق سابیر خۆیشی جنێو دەبەخشێتەوە، ئەوە نییە لە پێشەکی دیوانەکەیدا بە هاوڕێ دێرینەکانی دەڵێ: (دووڕوو، پووت، ئاریلە و سیخوڕ؟) ئەوە نییە بە فەرهاد شاکەلی دەبێژێ: (دەمشڕ، شەڕفرۆش و ئاستی کۆمەڵایەتی نزم؟)(٦) یان دەنووسێ: (لە کوردستان خودی ـ قەڵەمە خوێرییەکان ـ زەمینەی سەرۆکی تاقانە دەڕەخسێنن؟) (٧) یان وەک چۆن شێرکۆ جنێوی لە بابەتی: (ڕەشتاڵە، دێز و حوشتری لەڕ.... شیعری داڵ) بە عەرەب دەدات، ڕەفیقیش بە شوێن پێی ئەودا جنێوی وەک: (پێ پان، گەلۆر، چاوزەق، بۆر، حۆل و لچ شۆڕ،) بە عەرەب دەبێژێ. (ل ٢٠ وەرزە بەردینە)*

**سەرچاوەکان**


١) احمد الشهاوى، قداسە المعشوق، القدس العربى ٠٣ ـ ٠٧ ـ ١٩٩٧ لندن.

٢) ڕابوون ژ : ١٧ ل ٥٥ ئوپسالا ١٩٩٦

٣) ڕەفیق سابیر، کارەساتەکە و فیکری پەیڕەو، سەردەمی نوێ ژ : ٤٧ ی ساڵی ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم.

٤) بڵاوکراوەی سەکۆ، ژ: شەش، ل ٩ نیسانی ١٩٩٧ بەرلین.

٥) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی ١ ل ٢٢٨ ستۆکهۆڵم ١٩٩٠

٦) ئاسۆ گەرمیانی، گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ کاک ڕەفیق سابیردا، بەربانگ ژ: ٦٩ ل ٥٣ و ٥٤ کانوونی دووەمی ١٩٩١ ستۆکهۆڵم.

٧) ڕابوون، ژمارە ١٢ ل ١٤ ئوپسالا ١٩٩٤


* بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ.